تێبینی ئەم کورتە نووسینانەم لە لاپەڕەی فەیسبوکەکەمدا بڵاوکردبوونەوە:

- مەرج نییە هەر بوونەوەرێک لەسەر دوو پێ بڕوات، مرۆڤ بێت. مرۆڤ بوون هەر بە جەستە نییە، مرۆڤ بوون، بە بیری چاک و وتەی چاک و کرداری چاکەوەیە.
- بۆ هەموو و هەڵە و تاوانێك، پەشیمانی و لێخۆش بوون هەیە، جگە لە ناپاکی کردن لە نەتەوە و لە نیشتمان نەبێت.
- هەژاری، هەموو ناخۆشی و ئازارێکە، بەڵام نەنگی و شەرمەزاری نییە.
پارە پێویست و گرنگە، بەڵام هەرگیز ناتوانیت بە پارە رێز و خۆشەویستی و رۆشنبیری بکڕیت.
- ئەو چەشنە خۆشەویستییەی کە دایک پێتی دەبەخشێت، هەر تەنها دایک دەتوانێت پێتی ببەخشێت.

1
بە موسوڵمان کردنی کورد:
مێژوو دەڵێت: پێش هاتنی لەشکری داگیرکەر و چاوچنۆك و دڕندەی عەرەبی ئیسلام، کورد نەتەوەیەك بووە کە باوەڕی بە خوا و بە یەکتاپەرستی و یەزدانپەرستی هەبووە و بە ئاشتی و بە خۆشگوزەرانیی ژیاوە. عەرەب جگە لە داگیرکاری و کوشتوکوشتار و کۆمەڵکوژی و خوێنڕشتن و وێرانکاری نەبێت، هیچ شتێکی نوێیان لە رێگەی ئیسلامەوە بۆ ئێمەی کورد نەهێناوە.
چ لۆژیکێك ئەوە دەسەلمێنێ کە کورد پاش چەندین سەدە لە پێڕەوکردنی ئاییینی رەسەن و خۆماڵیی خۆی، بە ئاشتی و بە خواستی خۆی دەستبەرداری ئایینەکەی خۆی بووبێت و بوو بێت بە موسڵمان، لەکاتێکدا کە نە لە زمانی عەرەبی تێگەیشتووە و نە هیچ چاکی و باشی و رەوشتێکی بەرز و جوانی مرۆڤانەیان لە هێرشهێنەران و داگیرکەرانی عەرەبی موسڵمان بینیوە!؟
ئەو کاتەی کە کورد خاوەنی ئاییینی خۆی بووە و خواپەرستی کردوە و بە ئاشتی و ئارامی ژیاوە، عەرەب بریتی بوون لە چەند خێڵێکی دواکەوتووی بێ شارستانێتیی دژ بەیەك و چاوچنۆك و هێرشبەر بۆسەر ماڵومنداڵ و هەموو شتێکی یەکتر، هەر خەریکی شەڕوشۆڕی ناوخۆ و تاڵانچێتی و خوێنڕشتن بوون. جا ئێتر دەبێت بە چ شێوازێك ناتوانیبێتیان ئەو ئایینە عەرەبییەی خۆیانیان، بەو زمان سەختەی قوڕەیشی، لە کورد گەیاندبێت، جگە لە بەکارهێنانی زەبروزەنگی شمشێر وەشاندن و خوێنڕشن و وێرانکاری و تاڵانچێتی نەبێت!؟
ئەوەی ئێستا داعش دەیکات، نموونەیەکی کەمی دووبارەکردنەوەی لەشکری داگیرکەری عەرەبی موسڵمانە کە بە دڕندەترین رەفتار بەرامبەر بە پێشینانی ئێمەی کورد کردوویانە!؟
بۆ ئەوەی بتوانین داهاتوویەکی پێشکەوتوو و خۆشگوزاران بۆ خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان مسۆگەر بکەین، دەبێت ئاوڕێکی هۆشمەندانە و سوودمەندانە لە مێژوو و شارستانێتیی خۆمان بدەینەوە.

2
خەڵك فریودان و خۆسەپاندن بە ناوی خواوە:
ئەگەر دەتانەوێت فریونەدرێن و نەخەڵەتێنرێن، گوێ لە هیچ کەسێك مەگرن کە بەناوی خواوە بدوێت!؟
هیچ کەسێك نە لە رابووردوودا و نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا، نوێنەر و وتەبێژی ئەو دروستکارە نەبووە نییە و نابێت، کە نە کەس بینیویەتی و نەکەسیش دەتوانێت ببینێت، خۆکردنە نوێنەر و وتەبێژی خوا، تەنها بۆ خەڵك فریودان و خۆسەپاندن و گەیشتن بە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە، خوا پێویستی بە نوێنەر و وتەبێژ نییە.

3
زەبروزەنگ و دەستدرێژی و تاوانکاری بەناوی خواوە!؟
پێش ئاییینی ئیسلام، ئاییینی زەردەشتی،کۆنفوشیۆسی، بووزایی، یەهودی، کریستیانی، هەبوون.
پەیامبەرانی ئەم ئایینانە خۆیان وەکو نێردراوی خوا بە مرۆڤایەتی ناساندووە، بەڵام هیچ لەو ئایینانە،

جگە لە ئیسلام، لە پەیامەکەیاندا باسی بەکارهێنانی زەبروزەنگ و توندوتیژی و کوشتوکوشتاریان لە پێناوی خوادا نەکردووە، ئایینی زەردەشتی و کۆنفوشیۆسی و بووزایی، مرۆڤەکانیان هان داوە کە یەکترییان خۆش بوێت و رێزی یەکتری بگرن و یارمەتیی یەکتری بدەن، ژینگە بپارێزن و لەگەڵ ئاژەڵان و پەلەوەران و هەموو گیانداراند نەرمونیان و بەسۆز بن. جگە لە ئاییني ئیسلامی عەرەبی کە رەنگدانەوەی دابونەریت و ژیانی سەخت و پڕ لە توندوتیژی و هەڕەشە و هێرش و پەلامار و تاڵانچێتی و کوشتوکوشتاری یەکتریی نێوان بیابانشینەکانی عەرەبستانی سعودییەی پێش١٤٣٧ ساڵە، ئیتر هیچ ئاینێکی دیکەی ئاسمانی و زەوینی، داوای لە بڕوادارانی خۆی نەکردووە کە لەپێناوی خوا و بڵاوکردەوە و سەرخستنی ئاینەکەیاندا زەبروزەنگ و توندوتیژی و هێرش و تاڵانچیتی و کوشتوکوشار بکەن، بەزۆر کەسانی تر ناچار بکەن کە دەسبەرداری بیروباوەر و ئاینەکەی خۆیان ببن و تەنها بڕوا بە ئاینەکەی ئەوان بهێنن تەنها پێرەوی لە ئاینەکەی ئەوان بکەن!؟ لە مێژوودا تەنها عەرەب و موسڵمانە عەرەبەکان ئەوەیان کردووە و بەم شێوە و شیوازە ئاینەکەی خۆیان بەناو ئەو میللەتانەدا بڵاوکردووەتەوە، یان بەزۆر و ناچارکردن بەسەریاندا سەپاندوون یان باج و سەرانەیان لێوەرگرتوون یان لەناویان بردوون!؟ لە هەموویشی سەیروسەمەرەتر و کارەساتبارتر ئەوەیە کە موسڵمانی عەرەب و موسڵمانەکانی میللەتانی دیکە بەگشتی، لەم سەردەمی پێشکەوتنی مرۆڤایەتییەدا، هەر لەسەر کاروکردەوەی دڕندانەی خۆیان بەردەوامن وهەر دەیانەوێت بە زۆر و بە زەبروزەنگ و بە توندوتیژی و ناچارکردن ئیسلامی عەرەبی بەسەر هەموو مرۆڤایەتیدا بسەپێنن!؟

4

عەرەب لە رێگەی ئاینی ئیسلامەوە هیچی نوێیان بۆ کورد و کوردستان نەهێناوە:

پێش هێرشی فتوحاتی ئیسلامیی موسڵمانە عەرەبەکان، واتە هێرشی داگیرکارییانەی عەرەب بۆسەر کوردستان، کورد خاوەنی ئاینی رەسەن و خۆجێیی و تایبەتبەت بە خۆی بووە، ئاینی یەکتاپەرستیی زەردەشتی، خاوەنی فەلسەفەی بوون و ژیان بووە، واتە فەلسەفەی (بیری چاك، وتەی چاك، کرداری چاك)، خاوەنی پەرستگە و دابونەریتی ئاینیانەی خواپەرستیی خۆی بووە، عەرەب، لە رێگەی ئیسلامەوە، هیچی نوێیان بۆ کورد و کوردستان نەهێناوە، ئەوەی ئەوان هێنایان، هەر بەزۆر سەپاندنی ئاینەکەی خۆیان و دابونەریتە دواکەوتووەکانی ئەوکاتەی خۆیان بوو، جگە لەو هەموو ماڵوێرانی و کوشتوکوشتارەی کە لە کورد و هەموو دانیشتووانی ئەو سەردەمەی کوردستانیان کردووە، بە کورتییەکەی پاش شەڕوشۆڕ و کۆمەڵێك جەنگی دڕندانە و خوێناوی، شارستانێتیی مادی و مانایی ئێمەی کوردیان هەموو وێران کرد، شارستانێتیی ئەو کاتەی ئێمەیان هێناوەتە سەر سفر، هیچ گومانی تێدا نییە کە پێش ئەو هێرشانە، یەك کورد زمانی عەرەبیی نەزانیوە، یەك کورد شتێکی لەسەر ئاینی نوێی ئیسلام نەزانیوە، ئیتر چۆن رێی تێدەچیت کە کورد بەو ئاسانییە، بە بێ هیچ مەرج و مەرجکارییەك، رابووردووی خۆیان لەبیر بردووەتەوە و وازیان لە ئاینی دێرین و رەسەنی خۆیان هێناوە و بە ئاشتی و بە خواستی خۆیان، ئەو ئاینە نامۆ و سەخت و پڕتوندوتیژەی موسلمانە عەرەبە داگیرکەرەکانیان پەسەند کردووە!؟

5

تێبینییەکی سادە و ئاسان لەسەر ئەو پەیامانەی کە بەناوی خواوە ناسێندراوون:

روون و ئاشکرایە هەتا تێگەیشتنمان نەبێت لە بوونی گەردوون و گەردووناسیدا، لە چەندین میلیارد گالاکسی و خۆر و ئەستێرەی بچووکترین و گەورەترینیدا، لە فراوانی و بێسنووریی گەردووندا، لە سیستمی شوێنگە و دووروو و نێزیکی و بزووتنەوەی خۆر و ئەستێرەکاندا، ئاسان نییە تێگەیشتنێکی زانستییانەمان بۆ بوونی دروستکارێك، خوایەك هەبێت!؟

ئەو دروستکارەی کە توانیویەتی ئەو گەردوونە بێسنوور و رێکوپێك و سیستماتیکە بهێنێتە بوون و رایبگرێت و بەردەوامیی پێبدات، هەر هەمان ئەو دروستکارەش دەیتوانی هەر لەسەرەتای پەیدا بوونی مرۆڤەوە لەسەر گۆی زەوی، بە هەموو زمانە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی، هەرچی زانیاری و زانستی

پێویست هەیە بۆ بوون و بەردەوامی و ئاسانکاری و خۆشگوزەرانیی ژیانی مرۆڤایەتی، راستەوخۆ یان لە رێگای ئەو بوونەوەرە خەیاڵییانەوە کە ناومان ناون فریشتە، بۆ ئێمەی بناردایە، ئایا خوا ئەمەی بۆچی نەکردووە، ئایا رێی تێدەچیت کە ئەو خوا دروستکارەی گشت بوون و بوونەوەرێك، ئەو خوا هەرە دانا و هەرە بەتوانا و باڵادەستە بەسەر هەموو شتێکدایە، بە ئێمەی مرۆڤیشەوە، هەر بە تەنها زامانەکانی عیبری و عەرەبیی زانیبێ و هەر تەنها جوولەکە و عەرەبی مەبەست بوو بێت، پەیام و ئامۆژگاری و زانیارییەکانی خۆی تەنها هەر بە عیبری و عەرەبی بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ناردبێت، لە کاتێکدا کە تەورات و ئینجیل و قورئان، بێبەرین لە هەر جۆرە زانستێك، هەموو ئەو پێشکەوتن و زانست و شارستانێتییەی کە هەتا ئێستا بوونی هەبووە و هەیە، بەرهەمی هۆشمەندی و بیرکردنەوە و رەنج و ماندووبوونی مرۆڤایەتی خۆیەتی!؟

6

ئیسلام و عروبە:

ئیسلام و ئیسلامییەکان، بە بیرکردنەوە و بە کردەوە دژی هونراوە نووسین و وێنەکێشان و خۆڕازاندنەوە و ئارایشتی کچان و ژنانن. دژی باسکردن و پیاهەڵدان و پەسن کردنی جوانیی جەستەی مرۆڤن. دژی هەموو شت و دیاردەیەکی ناعەرەبی و نائیسلامین.

ئیسلام، سەرباری ئەوەی کە ئایینە، فەرهەنگ و دابونەریتی نەتەوەیی عەرەبە، کە زۆرتر لە ١٤٠٠ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە،کەچی قورئان و ئیسلام و یاساکانی ئیسلامی عەرەب و موسڵمانان، هەتا ئێستا هەر وەکو خۆیان ماونەتەوە و هیچ گۆڕانێکارییەکی پێویستیان تێدا نەکراوە تا بگونجێن لەگەڵ هەلومەرج و پێداویستییەکانی ئەمڕۆی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا. موسوڵمانەکان و بەتایبەتی عەرەب، هەتا ئێستا هەر بەهەمان یاسا و رێسای ئەو سەردەمەی پەیدابوونی ئیسلام و قورئان بیردەکەنەوە و کاری پێدەکەن. هەربۆیە ئەمڕۆ ئیسلام بووەتە کێشەیەکی ترسناك و مەترسییەکی گەورە و چارەسەرنەکراو بۆ مرۆڤایەتی. ئیسلام و موسوڵمانە توندڕەوەکان، خۆیان تێکەڵی ژیانی تایبەتیی هەموو کەسێك دەکەن و بیرکردنەوە و شێوازی ژیانی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئارەزوو و بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان دەستنیشان دەکەن. هەربۆیە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە ئیسلامییەکان دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست و ببنە فەرمانڕەوا، خۆبەخۆ بیرکردنەوە و جۆری ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە دەگەڕێننەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا. ئیتر دەکەونە بەربەرەکانی لەگەڵ هەموو شتێك و هەموو بیرکردنەوە و دیاردەیەکی نائیسلامی و ناعەرەبیدا. باشترین نموونەی دەسەڵات و پیادەکردن و جێبەجێکردنی یاساکانی قورئان و ئیسلام بەگشتی، وڵاتەکانی سعودییە و ئێران و ئەفگانستانی سەردەمی تاڵیبان و پاکستان و سودان و سۆماڵ و جەزایر و میسر و لیبیا و سوریای ئەمڕۆیە کە لای هەمووان ئاشکرایە چ کارەسات و ماڵوێرانی و پاشکەوتن و بەدبەختییەکیان بەسەر ئەم وڵاتانەدا هێناوە. بێگومان ئەگەر گروپە ئیسلامییە سیاسییەکانی باشووری کوردستان، دەسەڵاتی سیاسی بگرنە دەست، بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردستانیش لەو وڵاتانە ئەگەر خراپتر نەبێت، بەدڵنیاییەوە باشتر نابێت. ئەو ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوانە هێشتا وەکو پێویست هێز و دەسەڵاتیان نییە و کورسیی دەسەڵاتیان نەکەوتووەتە دەست، بە ئاشکرا هەڕەشە لە کچان و ژنانی کورد و کوردستان دەکەن و خۆڕازاندنەوە و ئارایشت و پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەییان لێ یاساخ دەکەن. جەژنی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەورۆز و مارشی نەتەوەیی کوردی، (ئەی رەقیب) تەکفیر دەکەن. ئەمڕۆ بەبەرچاوی ئەم دەسەڵاتە لاواز و ترسنۆك و گەندەڵە خۆماڵییە کوردییەوە، بەناوی ئیسلام و جیهادەوە خەریکن سەرانسەری باشووری کوردستان و هەموو شتێکی کوردی بەعەرەب دەکەن. دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی بەناو کوردی و بەناوەڕۆك عێراقچی و تاسەر ئێسك و خوێن دز و گەندەڵ، سەرمەستی دەسەڵات و کورسی و سەرمایە کۆکردنەوە و دزی و رابواردنن، بێباك و بێئاگان لەوەی کە ئیسلامی سیاسی، بە هاوکاری و کۆمەك و دنەدان و هاندانی دوژمنانی کورد و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، خەریکی هەڵکەندنی گەورەترین گۆڕی بەکۆمەڵن بۆ ئەم دەسەڵاتە کوردییە و بۆ هەموو ئەندامان و سەرانی پارتی و یەکێتی. ئیسلامییەکان لەسایەی ئەم دەسەڵات و دیمۆکراسییە نارەوا و نادادپەروەر و شێوێنراوەی باشووری کوردستانەوە، بەردەوام لە گەشەسەندن و زۆربوون و

خۆبەهێزکردندان. ئەگەر ئەم ڕەوتە ئیسلامییە تەعریبچییە بەم شێوەیەی ئەمڕۆ بەردەوام بێت، لە چەند ساڵی داهاتوودا ئیسلامییەکان دەبنە زۆرینە و بەدەنگدان بێت و بەزۆر بێت، کورسیی دەسەڵات لەژێر سەرانی پارتی و یەکێتی و گۆڕاندا دەردێنن و دەبنە فەرمانداری دیکتاتۆر و نافەرمانڕەوای باشووری کوردستان. ئەمەش گەورەترین تراژیدیا و کارەسات و بەدبەختی و ماڵوێرانی و پاشکەوتنی هەموو مێژووی کورد و کوردستان دەبێت.

7
کارەساتبارترین خەو:
زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەبەر، عەرەبێك خەوێکی بینیوە و لەو خەوەیدا، کەسێك وەك فریشتە، هاتووەتە لای و بەناوی الله وە پێی وتووە: من لەلایەن الله وە نێردراوم بۆ لای تۆ تا پێت ڕابگەیەنم تۆ دەبیتە نوێنەر و وتەبێژ و پەیامبەری الله و دەبێت ڕێنوێنی گشت مرۆڤەکان بکەیت کە گوێڕایەڵی تۆبن تا لە فەرمانەکانی الله دەرنەچن و هیچ جۆرە الله یەکی دیکە نەپەرستن و جگە لە تۆ، بڕوا بە هیچ پەیامبەرێکیتر نەکەن. با بزانین، هەر بەهۆی ئەم خەوەوە، لەو کاتەوە هەتا ئێستا، چی ڕووی داوە و مرۆڤەکان چییان لەیەکتر کردووە: لەو کاتەوە هەتا ئێستا، بە سەدان لك و پۆپ و ڕێچکە و ئایینزای دیکەی لێکجیاواز و دژ و دوژمن بەیەکتری، لەو پەیامەی الله بووەتەوە، بە سەدان دەستە و دەستەگەریی لێکجیاواز و دژ و دوژمن بەیەکی لێکەوتووەتەوە و هەتا ئێستا، ئەم دەستەگەری و لێکجیابوونەوە و دژایەتی و دوژمنایەتی یەکتر کردنە هەر بەردەوامە، هەر بە هۆی ئەم خەوەوە، لەوکاتەوە هەتا ئێستا بە میلیۆنان مرۆڤ لە پێشبڕکێی الله پەرستی و پەیامبەرپەرستیدا، هەرەشەیان لەیەکتر کردووە و بوونە مەترسی بۆ یەکتری، یەکتریان زیندانی کردووە، ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی یەکتریان داوە، یەکتریان ڕاوەدوو ناوە، خوێنی یەکتریان ڕشتووە، یەکتریان پارچەپارچە کردووە، یەکتریان سووتاندووە، یەکتریان ماڵوێران کردووە، بە کورتییەکەی، هەموو شتێکی یەکترییان بۆ خۆیان حەڵاڵ کردووە، هەر بەهۆی ئەو خەوەوە، هەتا ئێستا مرۆڤایەتی، بەتایبەتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێشکەوتن و ئاشتی و ئارامی و گۆشگوزەرانیی گشتییان بەخۆیانەوە نەبینیوە!؟
سەرباری هەموو ئەوانەش، هەتا ئێستا کاریگەری و دەستەگەری و خراپکاری و کارەساتەکانی ئەنجامی ئەو خەوە هەر بەردەوامە!؟

8
خەو و خەوبینین و پەیام و پەیامبەران:
خەو و خەوگێڕانەوە شتێك نیین کە بەدرۆ بخرێنەوە، چونکە هیچ کەسێك بە کردەوە و بە بەرجەستەیی لەناو خەوی هیچ کەسێکی دیکەدا نییە تا بزانرێت ئەو خەوە ڕاستە یان درۆیە، جا پەیام بۆهاتنە خوارەوەی پەیامبەرانیش هەر هەمان خەوبینین بووە، پەیامبەران لەکاتی هاتنە خوارەوەی پەیامەکاندا، خۆیان بە تەنها بوون و هیچ کەسێکی دیکەیان لەگەڵدا نەبووە تا بە چاوی خۆی بیبینێتی!؟ لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە کە مرۆڤ یەك جار دەژی، ئایا باشتر نییە کە تەمەن و ژیانی ڕاستینەی خۆی بە بڕوا هێنان بەو خەوانەوە بەفیڕۆنەدات!؟

9
ئەفسانەی فڕین بۆ لای خوا!؟
پەیامبەران لەڕێگەی پەیامە ئایینییەکانەوە باسی بابەتی ئەفسانەییان کردووە یان هەر لەو پێداویستی و دیاردانە دواون کە لەسەردەمی خۆیاندا پێویست و گرنگ بوون و جێگەی بڕواپێکردن بوون!؟
لە زۆربەی ئایینەکاندا باسی فڕینی پەیامبەران بەرەو بەرینایی ئاسمان، بۆلای خوا کراوە، ئەمەش هەر بە مەبەستی ئەوە بووە کە لەڕێگەی پەرجووی فڕینەوە، پیرۆزییەك بۆ ئایین و پەیامبەران بسازێنن و ئەفسانەی ئایینەکان بۆ ئاسمان دوور بخەنەوە تا هیچ کەسێك بیر لەوە نەکاتەوە کە چۆن پەیامبەران لەسەر زەوییەوە توانیویانە لەگەڵ خوادا گفتوگۆ بکەن!؟ ئایا باشتر نەبوو لەبری پەنابردن بۆ گیاندارێك،

چوارپێیەکی باڵدار! ئەو جۆرە فڕینە وەکو خەوێك باس بکرایە، چونکە دەکرێت لەخەودا لەگەڵ خواشدا گفتوگۆ بکرێت، خۆ کەس ناتوانێت خەوی هیچ کەسێکی دیکە بەدرۆ بخاتەوە، بەڵام کێشەکە ئەوە بووە چونکە لەو سەردەمانەدا کە دیاردەی سەرهەڵدانی پەیامبەران و ئایین باو بووە، هیچ ئامێرێکی فڕین و هاتوچۆ و گواستنەوە بوونیان نەبووە تا بیانتوانیایە بیر لە باسکردنی ئامێرێك بکەنەوە، رەنگە ئەگەر لەبری گیاندار، باسی ئامێرێك بکرایە، ئێستا ئەگەری بڕواپێکردنی هەبووایە!؟
ئایا لە سەردەمی ئێستادا، هیچ کەسێك رووی دێت و دەوێرێت باسی ئەوە بکات کە بە گیاندارێکی باڵدار بەرەو بەرینایی ئاسمان و گەردوون فڕیوە!؟

## 10

میللەتانی دراوسێ و دەورووپشتی عەرەب، بە رێکەوت و هەڵکەوتنی جیۆگرافیایی بە موسڵمانکراون!؟
مرۆڤ کە لەدایك دەبێت، هیچ بیروباوەر و زمان و ئاینێك لە مێشکیدا نییە، پاشان هەموو ئەمانە بە لاسایی کردنەوە و یان بە پەروەردە و بەزۆر دەخرێنە مێشکییەوە و پاشان لە بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەکانیدا رەنگ دەدەنەوە. با لێرەدا باسی ئێمەی کورد خۆمان بکەین: ئێمە ئەگەر بە ڕێکەوت و بە هەڵکەوتنی جیۆگرافیایی، دراوسێی عەرەب یان نێزیکی عەرەبستان نەبووینایە و لە کیشوەری ئەمەریکای لاتیندا سەرمان هەڵبدایە و بژیاینایە، ئایا ئێستا هەمان ئەم کوردەی ئێستا دەبووین!؟ زمانمان کوردی دەبوو!؟ ئایینمان زەردەشتی و کریستیانی و ئیسلام دەبوو!؟
با هەر لێرەدا بپرسین: ئێمە ئەگەر بەزۆر و بە زەبروزەنگ نەکرابنایە بە موسڵمان، ئایا هیچ کوردێك ئارەزووی فێربوونی زمانی سەختی عەرەبی و زمانی سەختتری قورئانی دەکرد!؟
ئایا هیچ کوردێك لە ترسی ئاگری دۆزەخی ئەڵڵا و ئیسلامی عەرەبی کە بۆ موسڵمانکردن و ملکەچ پێکردنمان،ئێمەیان پێ ترساندووە، لە بەهەشتەکەی وڵاتی خۆمانەوە، سەردانی بیابانی گەرم و وشك و سووتێنەر و پڕوکێنەری عەرەبستانی سعودییەی دەکرد!؟
ئەگەر ئیسلام بەڕاستی پەیامی (خودا) بوایە و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بووە، پێش هەر شتێك نەدەبووایە هەر بە تەنها بە زمانی عەرەبی بووایە و بەو زمانە سەختەی قورئان بەسەر هەمووماندا بسەپێنرایە، ئەی بۆچی هەر هەمان پەیام، بە هەموو زمانەکانی مرۆڤایەتی نەبووایە، ئەگەر ئیسلام پەیامی خوای هەرە بەدەسەڵات و هەرە بە توانا و هەرە زانا بوایە، دەکرا و دەتوانرا بە هەموو زمانەکان و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بووایە!؟ ئەوسا هیچ پێویست بەو هەزاران راڤە و راڤەکاران/ تەفسیر و تەفسیرکارانە نەدەبوو!؟
پاشان ئەگەر ئایینی ئیسلامی عەرەبی بۆ هەموو مرۆڤایەتی بووایە، ئەی خوا نەدەبووایە بیرێکی لەوە بکردایەتەوە کە لە١٤٣٧ ساڵی لەمەوبەرەوە کە هۆکارەکانی پێوەندی کردن هەر نامە و کۆتری نامەبەر و تەتەر بوون، یان هۆیەکانی گواستنەوە و هەر ئەسپ و گوێدرێژ و بەلەمی سەوڵدار بوون، ئەی ئیتر چۆن و بە چ شێوەیەك بتوانرایە ئەو پەیامە خوایی و جیهانییە بە خێرایی بە هەموو جیهاندا بڵاوبکرایەتەوە!؟ خۆ ئەو سەردەمە نە فڕۆکە و نە ئۆتۆبێل و نە شەمەنەفەر و نە ئینتەرنێت و نە رادیۆ و نە تەلەفیزیۆن نە تەلەفۆن و نە بێتەل و نە مۆبایل هەبوون!؟ بە چ شێوە و شێوازێکی خێرا بە هەموو جیهاندا بڵاوبکرایەتەوە!؟
ئیسلام، تەنها بەزەبری هێرش کردن و کوشتوکوشتار و وێرانکاری و ملکەچ پێکردن بە نێو وڵاتان و میللەتانی هەرە نێزیکی عەرەب و عەرەبستانی سعودییەدا بڵاوکرایەوە، ئیسلام تەنانەت نەیتوانی بگاتە هەموو هیندستان و نەیشیتوانی سنوورەکانی چین و مەنگۆلیاش ببڕێت!؟
ئێستاش لە سەردەمی پێشکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە و پێوەندیکردن و تەکنەلۆژیایەدا، ئیسلام هەر لەنێو میللەتانی دواکەوتووی بەزۆر بەئیسلامکراوی دراوسێی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە هەزاران هەزار کێشەوە و لە چوارچێوەی سەدان رێچکە و ئایینزا و باند و گرووپی لێکجیاواز و دژ و دوژمن بەیەکدا، گیری خواردووە!؟

نەگبەتی ئێمەی کورد، دوو هۆکار بوون: یەکەم، ناتەبایی و پچڕپچڕی و یەکنەگرتوویی نێوخۆیی خۆمان، دووەم، ڕێکەوت و هەڵکەوتی جیۆگرافیایی وڵاتەکەمان کە لە عەرەب و عەرەبستانەوە نێزیك بووین!؟
ئیسلام پێش ئەوەی ئایین بێت، فەرهەنگ و دابونەریت و ناسیۆنالیزمی عەرەبە، هۆکارێکە بۆ هێرش بردن و داگیرکردن و تاڵانکردنی وڵاتانی دراوسێ و دەوروپشتی عەرەب و ملەکەچ پێکردنی میللەتانی ناعەرەب و ناموسڵمان!؟

11
ئایینی ئیسلامی عەرەبی، دژی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییە!؟
لە ئایینی ئیسلامدا، نەتەوە و نەتەوەپەروەری و نیشتمان و نیشتمانپەروەری شوێنی نییە. ئیسلام تەنها بڕوای بە کۆمەڵگەی ئیسلامی و ئوممەی موسڵمانان هەیە. جا چونکە ئیسلام لەناو عەرەبدا سەریهەڵداوە و بە زمانی عەرەبییە، ئەمە لە ناوەڕۆکدا هەر دەکاتەوە عەرەبچێتی و تواندنەوەی نەتەوە ناعەرەبەکان لە بۆتەی ئیسلامچێتی و عەرەب و عروبەدا!؟
ئێمەی کورد دوای ١٤٣٧ ساڵ، هەتا ئێستاش لە ئیسلام و عروبە تێنەگەیشتووین!؟

12
تکایە سەرنجێکی ورد لە مانا و ناوەڕۆك و مەبەستی ئەم ئایەتەی قورئان بدن!؟
ئەمە هەر دەبێت وتەی الله کەی محەمەد و عەرەب بێت، نەك وتەی خوایەك کە دروستکار و هەڵسوڕێنەری گەردوون بێت!؟
لۆژیك ئەوە ناسەلمێنێت کە خوا، بەو هەرە باڵادەستی و هەرە بەدەسەڵاتی و هەرە زانایی و داناییەوە، دەمەدەمێ لەگەڵ مرۆڤدا بکات! بۆ نموونە لەگەڵ ئەبولەهەبێکی کەسنەناس و نەخوێندەوار و بێ دەسەڵات و هەروەها لەگەڵ هاوسەرەکەی ئەبولەهەبدا بکات و پلاریان تێبگرێت و نزای شەلە بوونی دەستی و لەناوچیوونیان بۆ بکات!؟
ئایا خوا لەسەر ئەو هەموو ڕووداوانەی ئەو کاتەی ناو جیهان و مرۆڤایەتییەوە، هەموو جیهان و مرۆڤایەتیی فەرامۆش کردووە و تەنها هەر چاوی لەسەر عەرەبستانی سعوودییە بووە و خەمی ئەوەی بووە کە ئەبولەهەب و هاوسەرەکەی، دەستیان بشکێت و لەناوبچن!؟
جا ئەگەر ئەبولەهەب و هاوسەرەکەی هێندە خراپ و بەدکار و ترسناك بووبێتن، ئەی هۆی چییە و بۆچی خوا نەیویست و نەیتوانی بەئاگری هەورەبرووسکەیەك، بیانکات بە خۆڵەمێش!؟
بیرمان نەچێت، ئەبولەهەب مامی محەمەد بووە و لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دژایەتی و دوژمنایەتیی محەمەد و ئیسلامیان کردووە و دڕکیان لەسەرەڕێی محەمەددا داناوە، جا هەربۆیە، الله ، لە داخا و لەبەر خاتری محەمەد، ئەو نزا خۆاپانەی لێکردوون!؟

--------------------

سورة المسد - سورة ١١١

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

١. تَبَّتْ يَدَا أَبِي لَهَبٍ وَتَبَّ.

٢. مَا أَغْنَى عَنْهُ مَالُهُ وَمَا كَسَبَ.

٣. سَيَصْلَى نَارًا ذَاتَ لَهَبٍ.

٤. وَامْرَأَتُهُ حَمَّالَةَ الْحَطَبِ.

٥. فِي جِيدِهَا حَبْلٌ مِّن مَّسَ.

--------------------

سورەتی مەسەد ، وسرەتی ١١١ قورئان

وە ناو خودا کە دەهندە و دلۆڤانە

(١) ئەبوولەهەب هەر دوو دەستی شەلە بێ و عەمری نەمێنێ.

(٢) نە سامانی و نە ئەوی پەیدای کردووە بەهرەی بۆدا.

(٣) هەربینا ئاگری بەگڕ ئەیسووزێنێ.

(٤) ژنەکەشی دەستەچیلە بە کۆڵ دێنێ.

(٥) گوزەرهۆنی سیرمەی دووبادی دەملدا.

--------------------

٣- هەربینا: بەم زوانە.
٥- گورزەهۆن: جۆری گوریس. سیرمە: باریکەیەك لە چەرم. دووباد: دوو جار بادراو.

--------------------

قورئان، وەرگێرانی مام هەژار موکریانی.

13
الله ی عەرەب و عروبە!؟
پێش ١٤٣٧ ساڵ لەمەوبەر، هیچ کەسێك ناوی خوایەکی بەناوی الله ی عەرەبییەوە نەبیستبوو، (لە راستدا وشەی الله ناوی یەکێ لە بتە گەورەکانی ناو کەعبە بووە. تەنانەت ناوی باوکی محەمەد، (عبدالله) لە ناوی ئەو بتە گەورەیەی ناو کەعبەوە هاتووە، واتە (کۆیلەی الله) کۆیلەی ئەو بتە یان پەرستیاری ئەو الله بتە. پێش ئیسلام عەرەبەکان بتپەرست بوون و الله یەکێ لە بتە هەرە پیرۆزەکانیان بووە!؟). ئەو الله یە جگە لە قورئانی عەرەبی بۆ عەرەب، ئیتر دوای١٤٣٧ ساڵ هەتا ئێستا، یەك وشەیتری نە بە عەرەبی بۆ عەرەب و نە بە هیچ زمانێکیتر بۆ میللەتانی دیکە نەناردووەتە خوارەوە!؟
دەبێت بپرسین: ئایا گۆی زەوی و مرۆڤایەتی، پێش لەدایك بوونی محەمەد و هاتنەخوارەوەی قورئانی عەرەبی و سەرهەڵدانی ئیسلامی عەرەبی، هیچ پێویستییەکیان بە پەیام و رێنیشاندان و یارمەتیی الله و خوا نەبووە!؟
پرسیارە جەوهەرییەکە ئەوەیە: پێش لەدایك بوونی محەمەد و ناردنەخوارەوەی قورئان، الله لەکوێ بووە و چ کارە بووە و بۆچی هەموو مرۆڤایەتیی فەرامۆشکردبوو!؟ پاشان بۆچی هەر لە عەرەبستانی

سعوودی و هەر تەنها بە زمانی عەرەبی قورئانی ناردووەتە خوارەوە و زمانەکان و میللەتەکانی دیکەی بە هەند وەرنەگرتووە!؟ مەگەر لەلای الله، میللەتی عەرەب لە هەموو میللەتانیتر پێویستر و گرنگتر و بەڕێزتر و پیرۆزتر بووە!؟ مەگەر لەلای الله، زمانی عەرەبی لە هەموو زمانەکانیتر پێویستر و گرنگتر و پێشکەوتووتر و پیرۆزتر بووە!؟ جا دەبێت بپرسین: ئەو الله عەرەبییە، چ جۆرە خوایەك بووە کە جگە لە زمانی عەرەبی، هیچ زمانێکیتری نەزانیوە و جگە لە میللەتی عەرەب، هیچ میللەتێکی تری نەناسیەو!؟

ئەرێ بەڕاست! ئەو الله یەی عەرەب، چ جۆرە خوایەك بووە کە جگە لە ناردنەخوارەوەی یەك قورئان بۆ عەرەب، ئیتردوای ئەو قورئانە، عەرەبیش و هەموو مرۆڤایەتیشی بەگشتی پەراوێز خستووە!؟

ئەی بۆچی و هۆکار چییە کە ئەو الله یەی عەرەب و عروبە، لەوکاتەوە هەتە ئێستا، عەرەبستانی سعوودیش و عەرەبیش و گۆی زەوەی و هەموو مرۆڤایەتییشی فەرامۆش کردووە!؟

ئایا دوای محەمەد و قورئان و ئیسلامی عەرەبی ، ئیتر گۆی زەوی و مرۆڤایەتی، هیچ پێویستییەکیان بە پەیام و رێنیشاندان و پارمەتیی الله و خوا نەماوە!؟

14

لە سەیروسەمەرەکانی ئاییندار!ان!؟

پرسیارێك!؟

هەموو پەڕتووکە ئایینییەکان و تەنانەت پەیامبەرەکان و مامۆستا ئایینییەکانیش جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە هەر تەنها خوا شایستەی پەرستن و کوڕنووش بۆ بردنە. هەتا ئێرە ئاساییە. بەڵام با بپرسین: بۆچی موسڵمانان لەکاتی نوێژکردن و گوایە خواپەرستیدا، کوڕنووش بەرەو عەرەبستانی سعودییە دەبەن، بۆچی مەگەر خوا عەرەبە و لە عەرەبستانی سعودییە نیشتەجێ بووە!؟

خوا دەبێت لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەبێت و ئاگای لە هەموو شتێکی بوونەوەرەکانی زەوی هەبێت و ئاگاداری هەموو شتێکی گەردوون بێت.

کەواتە دەکرێت بێ ئەوەی کوڕنووش بۆ هیچ شوێنێکی ئەم گۆی زەوییە ببرێت، روو لە خوا بکرێت و خواپەرستی بکرێت. دەکرێت سەر بەرزبکرێتەوە و روو لە خوا بکەرێت، دەکرێت سەر دابخەرێت و روو لە خوا بکرێت، دەکرێت چاوەکان کراوە یان داخراوبن و روو لە خوا بکرێت و خواپەرستی بکرێت.

کوڕنووش بردن بۆ عەرەبستانی سعوودیە، بەناوی الله پەرستی و موسڵمانێتییەوە، لە عەرەبپەرستی زیاتر هیچ شتێکیتر نییە. هیچ مانایەکیتری نییە.

15

ئاڵۆزییەکانی خوێندنەوە و تێگەیشتنی قورئان:

زۆر بە کورتی.....

گشت لێکۆڵینەوە مێژوویی و جیۆگرافیایی و زمانەوانی و ئەکادیمییەکانی قورئان ئەو راستییەیان سەلماندووە کە پەڕتووکی قورئان بە زمانی قەبیلەی قورەیش نووسراوەتەوە. بێگومان پشێوازی نووسینەوەی قورئان رەوانبێژییەکی زمانەوانیی تێدایە و بەگشتی لەسەر ریتمی هۆنراوە نووسراوەتەوە کە لەو سەردەمەدا باوبووە و هۆنراوە سەرچاوەیەکی سەرەکیی دەربڕینی بیرکردنەوە و تێگەیشتنی عەرەبەکان بووە. هەربۆیە هەرکەسێك، تەنانەت عەرەب و عەربزامانیش ئەگەر عەرەبیزانێکی شارەزا نەبێت، ئاگادارییەکی لە شێوە و شێوازەکانی هۆنراوەکانی ئەو سەردەمانەی عەرەب و نیوە دوورگەی عەرەبی نەبێت، هەروا بە ئاسانی لە هەموو ئایەتێکی قورئان تێناگات. سەرباری ئەمەش، بۆ تێگەیشتینی تەواو لە قورئان، پێش خوێندنەوەی قورئان، مەرجە و پێویستە ژیاننامەی محەمەدی پەیامبەری موسڵمان بخوێنرێتەوە، و چونکە بەشێکی زۆری قورئان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بە ژیان و بیرکردنەوە و فەرمانەکان و کاروکردەوەکانی خودی محەمەدەوە هەیە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو راستییەش بدەین کە محەمەد خۆی سەربە هۆزی قورەیش بووە. هەروەها پێویستە مێژووی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و مێژووی موسڵمانان و لایەنگرەکان و نەیار و دوژمنەکانی محەمەد و نیوە

دوورگەی عەرەبی بەگشتی و عەرەبستانی سعودیە بە تایبەتی و مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام لەو سەردەمە بخوێندرێتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هێشتا هەر پێویستە چەند راڤە/تەفسیرێکی پەڕتووکی قورئان بخوێندرێتەوە، بۆ نموونە تەفسیری تەبەری کە لە تەفسیرە بەناوبانگەکانی قورئانە و هەروەها چەندین تەفسیری دیکەی مێژوونووسان و ئیسلامناسان و قورئاننسانی دیکە کە هەر لە ژمارە نایەن!؟ بەکورتییەکەی ئەگەر کەسێك بیەوێت لە هەموو واتای ئایەتەکان و فەمان و رووداوەکان و چیرۆکەکانی ناو قورئان و مێژووی قورئان و بەرهاتی ژیانی محەمەد و مێژووی سەرهەڵدانی ئیسلام بەباشی و بە دروستی تێبگات، پێویستە ئەو بابەتانەی کە ناومان هێنان، بخوێنێتەوە و ئەوەش بەلایەنی کەمەوە چەند ساڵێك خوێندنەوەی بەردەوامی دەوێت.
جا لێرەدا بەم بۆنەیەوە پێویستە پرسیارێك بکەین: ئەگەر قورئان لەلایەن خواوە و بەبێ جیاوازی بۆ هەموو مرۆڤایەتی رەوانە کراوە، ئایا نەدەکرا و نەدەبووایە بە شێوازێك بووایە کە هەموو مرۆڤێك بیتوانیایە بە ئاسانی بیخوێنێتەوە و لێی تێی بگات تا بۆ ئاسانترکردن و باشتر کردنی ژیانی خۆی بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەکیتر، سوودی لێوەربگرتایە و پێڕەوەیی لێ بکردایە، واتە هەمان قورئان بە زمانی هەموو نەتەوەکان و بە شێوازێکی ئاسان و رەوان، رەوانە بکرایە و هیچ پێویستی بە راڤەکردن و شیکردنەوە نەبووایە!؟
لە کۆتاییدا دەبێت بڵێین: قورئان پەڕتووکێکی ئایینی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی عەرەبییە و بەرهەمی ژیانی عەرەب و دانیشتووانەکانی ئەو سەردەمەی نیوەدوورگەی عەرەبی و عەرەبستانی سعودییەیە و پەڕتووکێکە کە بەتەواوی رەنگدەرەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی و جگە لە عەرەب و مێژووی ژیانی ئەو سەردەمەی عەرەب، پێوەندیی بە ژیانی هیچ میللەتێکی دیکەوە نەبووە و نییە و بۆ هیچ میللەتێکی دیکە نەنووسراوەتەوە. ئینجا با کورد و میللەتانی بیرنەکەرەوە و نەخوێندەوار و دواکەوتووی وەك کورد، (موسڵمانانی دەستی دوو)، هەر ئیسلامی عەرەبی بە ئایینی خۆیان و خۆیان بە موسڵمان بزانن و کات و وزە و پارەی خۆیان بە قورئانی عەرەبی و ئیسلامی عەرەبییەوە بەخەرج و بەفیڕۆ بدەن!؟

16
کورد و خوێندەواری و قورئان:
- ئەمڕۆ بۆ زۆرتر لە١٤٠٠ ساڵ دەچێت کە ئایینی ئیسلامی عەرەبی تێکەڵی ژیانی کوردەواریمان بووە، بەڵام بە داخەوە هەتا ئێستا پەڕتووکێك بەزمانی کوردی نییە کە بەڕاستی و بەشێوەیەکی مێژووییانە و زانستییانە و بابەتییانە، ئەو مێژوو و رووداوانەی تێدا نووسرابێتەوە. تەنانەت (قورئان)یش لە سەدەی بیستویەکەمیندا کراوەتە کوردی کە لێرەدا جێگای خۆیەتی هەزاران تاجە گوڵینەی رێز و ئەمەگ و پێزانین، پێشکەشی سەر گڵکۆ پیرۆزەکەی (مام هەژار)ی نەمر بکەین کە شانبەشانی شاکارەکانی دیکەی ئەو کارە بێوێنەیەشی بۆ مێژوو و فەرهەنگی کوردی ئەنجامداوە و (قورئان)ی تەواو و دروست وەکوو خۆی بۆ وەرگێڕاوین. خۆزگە (مام هەژار)ی نەمر١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیابایە و ئەو کارە گرنگەی ئەنجام دابایە. شایسنی باسە، باشترین وەرگێڕانی قورئان، هەتا ئێستا وەرگێڕانەکەی مام هەژاری نەمرە.
- تا ساڵی پەنجاکانیش، خوێندەوار لەناو کورددا، رێژەیەکی زۆر کەم و دەگمەن بوو، جا دەبێت پێش ١٤٠٠ ساڵ کە لەشکری داگیرکەری خێڵە دڕندە و چاوچنۆك و رەگەزپەرستەکانی عەرەب کە بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن، ئایینی ئیسلامی خۆیان بەسەر کوردستان و ئێراندا سەپاندووە و بە خوێنڕشتن و وێرانکاری و تاڵانیی سامان و کچان و ژنان و لاوانی کورد، کۆتایی پێهاتووە، دەبێت کورد چی لە زمانی سەختی قورئان تێگەیشتبێت، هەتا ئێستایش کە سەدەی٢١ هەمینی مرۆڤایەتییە، رێژەی نەخوێندەواریمان لە زۆر وڵاتی دواکەوتووی دیکە زۆرترە، بە دڵنیاییەوە لە هەزار موسڵمانی کورد، یەکێك نادۆزیتەوە کە قورئان و حەدیسەکانی خوێندبێتەوە یان تێیان گەیشتبێت. لە راستیدا بە موسڵمان کردنی کورد، بە زۆر و زەبری شمشێر و خوێنڕشتن و وێرانکاری و تاڵانی بووە و ئێستایش بووە بە فەرهەنگ و بە میرات نەوە بۆ نەوە بۆمان ماوەتەوە و کە بێگومان لە هەموو مێژووی خۆماندا هیچ

سوودێکمان لە ئیسلامبوون و لە ئیسلامی عەرەب و عروبە وەرنەگرتووە و بە درێژایی ئەو مێژووە تاڵە، لە زیان و کارەسات و ماڵوێرانی و مایەپووچیی فەرهەنگی و مادیی زیاتر، هیچیترمان بۆ نەماوەتەوە!؟
- شایانی باسە، فتوحاتچییە داگیرکارەکانی عەرەب و ئیسلامی عەرەبی، هیچ شتێکی نوێیان بۆ ئێمەی کورد نەهێناوە. پێش ئیسلام، ئێمە خاوەنی فەرهەنگی رەسەن و ئایینی رەسەنی کوردەواریی خۆمان بووین، ئایینی یەکتاپەرستی و خواپەرستیی زەردەشتی کە یەکێکە لە کۆنترین و ئاشتیخوازترین و مرۆڤپەروەرانەترین ئایینەکانی مرۆڤایەتی. راستییەکە ئەوەیە عەرەب و ئیسلام، هیچی نوێ و سوودبەخشیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ کورد و کوردستان نەهێناوە.

17
کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و کۆمەڵگەی دواکەوتوو:
بۆچی کۆمەڵگەیەك لە کۆمەڵگەیەکی دیکە پێشکەوتووتر یان دواکەوتووترە، مەگەر هەموومان هەر مرۆڤ نین!؟
مرۆڤەکان بە گشت جیاوازییەکی ناچاریی ژینگەی ژیان و نەتەوە و نەژاد و رەگەز و پێست و پێکهاتەی جەستەییەوە، هەموویان لە مرۆڤ بوون و مرۆڤایەتیدا، یەکسانن و هاوشێوەی یەکن.
کۆمەڵگەکان ئەم هاوبەشییانەیان هەیە: چاك و خراپ، جوان و ناشیرین، چالاك و تەمەڵ، زیرەك و گێل، ژیر و گەمژە، بەویژدان و بێویژدان، دادپەروەر و نادادپەروەر، ئابڕوومەند و خۆفرۆش، نیشتمانپەروەر و ناپاك، ئازا و ترسنۆك. درۆزن و راستگۆ، هەروەها لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا ئەمانە هەن، پیشە جۆراوجۆرەکان، زانکۆ و مامۆستای زانکۆ و خوێندکاری زانکۆ، پارتی سیاسی و سیاسەتمەدار و پلە جیاجیاکانی ئەندامێتی، خوێندنگە و مامۆستا و خوێندکار و کارگوزار، زیندان و ئێشکگر و زیندانیکراو، پیشە و کارگە و کرێکار و تەکنیکار و ئەندازیار، نەخۆشخانە و پزیشك و نەخۆش، تەندروست، ئایین و پەرستگە و مامۆستای ئایینی و ئاییندار و بێئایین، خواپەرست و ئاتەئیست، هەروەها، تاوانبار، دز، رێگر، خوێنڕێژ، مرۆڤکوژ، ستەمکار، دەستدرێژکەر، دادگە و دادوەر و پارێزەر، بەکورتییەکەی ئەمانە هەموو دیاردە و خاڵی هابەشی هەموو کۆمەڵگەکانن، لێرەدا مەبەستەکە ئەوەیە پرسیارێك بکەین: ئەی بۆچی کۆمەڵگەکان دابەش بوون بەسەر کۆمەڵگەی پێشکەوتوو و کۆمەڵگەی پاشکەوتوودا!؟
وەڵام: کۆمەڵگەی پێشکەوتوو، ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بە یاسای دادپەروەرانە و سیستمی ریالیستانە بەڕێوەدەچێت. یاسا سەروەرە و لەسەروو هەموو کەس و لایەن و دەستەڵاتێکەوەیە. خاوەنی سیستمی پێشکەوتووانەی خوێندن و فێرکاری و کارگێڕی و بەڕێوەبردنە. سیستمی دیمۆکراسی پێڕەو دەکرێت و ئازادییە دیمۆکراتییەکان و مافەرەوا و سروشتییەکانی تاك و کۆمەڵ پارێزراوە. هەر کەسێك لە شوێنی شیاوی خۆیدایە و بەپێی ئاستی تێگەیشتن و توانا و لێهاتوویی و دڵسۆزیی، پلەوپایە و مووچەی بۆ دەستیشان دەکرێت. داهاتی نەتەوەیی و نیشتمانی، لەلایەن لایەنە پێوەندیدارەکانی دەوڵەتەوە بە یاسا بۆ خزمەتگوزاریی کۆمەڵگە و نیشتمان و بەپێی یاسا بە یەکسانی بۆ خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە تەرخان دەکرێت. بازرگانی و بازاڕی ئازاد بە یاسا رێکخراوە و گونجێنراوە لەگەڵ ئاستی ژیان و داهاتی چین و توێژەکانی کۆمەڵدا. ئایین لە دەوڵەت و سیاسەت جیاکراوەتەوە. ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕە و جیهانبینییە جیاوازەکان، هەموویان بەرامبەر یاسا یەکسانن و مافە رەواکانیان پارێزراوە. بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و نیشتمان، بە یاسا رێکخراون و خراوەنەتە سەروو هەموو شتێکی دیکەوە. خاوەنی فەرهەنگی مرۆڤدۆستانە و ژینگەپارێزانە و گیانەوەردۆستانەیە. ئەمڕۆ هەموو ئەمانە، سیمای راستینەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوون.
بە کورتییەکەی، کۆمەڵگەی دوواکەتوو، دروست پێچەوانەکەی کۆمەڵگەی پێشکەوتووە.
کەواتە دوورێگە لەبەردەمماندایە: یان دەبێت چاو لە جیهانی خاوەن شارستانێتی بکەین و تەواو پێڕەوی لە زانست و سەروەریی یاسای دادپەروەرانە و مرۆڤدۆستانە بکەین و سوود لە بیروباوەڕی مرۆڤدۆستانە و لە زانست و و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی ئەم سەردەمەمان وەربگرین، تا لە ئێستا و داهاتوودا بتوانین شارستانییانە بیربکەینەوە و بژین، یان هەر وەك رابووردوو، دوای ئایینێکی ناشارستانییانە و دواکەوتووانەی پڕ لە نادادپەروەری و پڕ لە توندوتیژیی زۆرتر لە ١٤٠٠ ساڵ

لەمەبەری عەرەبستانی سعوودییە بکەوینەوە کە لە مێژوودا بۆ ئێمەی کورد و کوردستانیان، هەر تەنها مایەی داگیرکاری و زۆرداری و دەستدرێژی و خوێنرێژی و وێرانکاری و کوشتوکوشتار و هەژاری و پاشکەوتن و بەشمەینتیمان بووە!؟
ئیتر خۆمان سەرپشکین کە کامیان هەڵبژێرین!؟

18
کۆمەڵگەی شارستانی:
ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیمۆکراسی و سیکولاری و ئازاد و خۆشگوزەران پێک بهێنین، پێویستە و دەبێت هەمووان بەرامبەر بە یاسا، ئازاد و یەکسان بن، پێویستە و دەبێت یاسایەکی مرۆڤدۆستانەمان هەبێت کە هیچ کەسێك، لەژێر هیچ ناوێك و بە هیچ پاساو و بڕوبیانوویەکەوە بۆی نەبێت بەناوی خوا و خواپەرستی و ئایینەوە خۆی تێکەڵی ژیانی تایبەتیی هیچ کەسێکیتر بکات و لەو ڕێگەیەوە باڵادەستی و خواستە تایبەتییەکانی خۆی بەسەر کەسانیتردا بسەپێنێت.
هەموومان مرۆڤین و هاومافین و هیچ کەسێك پیرۆز نییە و هیچ کەسێك لەکەسێکیتر زیاتر نییە

19
٢ پرسیاری بنەڕەتی لە ئایینداران بە گشتی و لە موسوڵمانان بەتایبەتی:
هەموومان ئەو ڕاستییە بەڵگەنەویست و نکوڵیلێنەکراوە دەزانین و لێی دڵنیاین کە پێش ئێمەیش هیچ مرۆڤێکی دیکە خوای، نە بینین و نە بیستن و نە بە دەستلێدان ئەزموون نەکردووە، خوا ئەگەر هەشبێت، ئەو جۆرە بوونەوەرە نییە کە پەیامبەران و تێکستە ئاینییەکان و ئاییندارەکان وێنایان کردووە. چونکە ئەگەر خواش هەر وەکو مرۆڤ بێت و لە مرۆڤ بچێت، ئەویش وەکو مرۆڤ پێداویستیی هەبێت و ئاخاوتن بکات و بۆ یەکێ میهرەبان بێت و لە یەکێکیتر تووڕە بێت، کەواتە هەمان خەسڵەتەکانی مرۆڤی هەبێت، کەواتە دەبێت بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هێز و توانا و دانایی و دەسەڵات و زانابیشی هەر وەکو مرۆڤ بێت، ئەمەش هیچ فەلسەفە و تیۆری و لۆژیکێك نایسەلمێنێت، ئەگەر خوا بێوێنە و تاکوتەنیا و دروستکاری گشت بوونەوەران و گەردوون بێت و گەردوون و هەموو بزووتنەوەیەکی مرۆیی و سروشتیی، بەدەست ئەوبێت و ئەو باڵادەستترین بێت بەسەر هەموو شتێکدا، کەواتە ئەو جۆرە خوایە نابێت وەکو ئێمە بێت و دەبێت لە گشت شتێکدا، لەسەرو هەموو بوون و بوونەوەرێك و بزووتنەوەیەکەوە بێت.
پرسیاری یەکەم: ئایا بۆچی لە تێکستە ئایینەکاندا، خوا لە شێوەی مرۆڤدا وێناکراوە و ئەوەشی دراوەتە پاڵ کە ئەویش وەك مرۆڤ پێداویستیی هەیە، بۆ نموونە پێویستی بەوە هەیە کە مرۆڤەکان لێیبترسن و لێیبپاڕێنەوە و بیپەرستن، ئەو جۆرە خوایە چ پێویستییەکی بەو شتانە هەیە، چ پێویستییەکی بە دروستکراوەکانی خۆی هەیە!؟
پرسیاری دووەم: بۆچی موسڵمانەکان کە نوێژ دەکەن و دەپاڕێنەوە و کڕنووش دەبەن و گوایە خوا پەرستی دەکەن، هەر دەبێت ڕوو لە کەعبەی عەرەبستانی سعوودییە بکەن، بۆ لە خوا پاڕانەوە و مسۆگەرکردنی لێخۆشبوونی خوایی و چوونە بەهەشتیش، هەر پێویستە و دەبێت سەردانی عەرەبستانی سعوودییە بکەن!؟ بۆچی!؟ مەگەر خوا عەرەبە و دانیشتووی عەرەبستانی سعوودیەیە!؟
یا ئەوەش باس بکەین کە یەکێ لە سەیروسەمەرکان و نالۆژیکییەکان ئەوەیە کە عەرەبەکان، بەهۆی عەرەبی بوونی قورئان و ئایینی ئیسلام و بەکارهێنانی وشەی (الله)ی عەرەبییەوە بۆ ناوهێنان و بوونی (خوا)، خوایان کردووە بە عەرەب و عەرەبستانی سعوودییەشیان کردووە بە جێنشینگەی ئەو (الله) عەرەبییەی خۆیان!؟
لەلای الله ی عەرەب و لە ئایینی ئیسلامی عەرەبیدا، پیاوان گرنگتر و هێزاترن و پیاوان باڵادەستن بەسەر ئافرەتاندا و ئافرەتان دەبێت گوێبیست و گوێڕایەڵی پیاوانبن و لەکاتی نافەرمانیدا، پیاوان بۆیان هەیە و ئەو مافەیان پێدراوە کە ئافرەتان لەسەرجێی بێبەری بکەن و تەنانەت لە ئافرەتانیش بدەن.!؟
--------------------

سورة النساء
(٣٤) الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاء بِمَا فَضَّلَ اللّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللّهُ وَاللاَّتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلاَ تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلاً إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا.
(٣٤) پیاوان بەسەر ژناندا دەستەڵاتیان هەس. کە خوا هێندێکی لە هێندێ هێژاتر بەدی هێناوە. دیارە پیاوان ئەرکی بەڕێ چوونی ماڵیان لەسەر شانە. جا ژنانی باش ئەوانەن کە گوێ بیسن و ــوەك خودا فەرمانی داوە- دوور لە شوویان شەرمی خۆیان دەپارێزن و ئاگایان لە ماڵێ دەبێ. ئەو ژنانەش لە ئەشقی بوونیان دەترسن، نسحەت کەن و جێگەیان لێ جیابکەنەوە؛ ئەگەر لێشیان بدەن، دەبێ. ئەگەر دێنەوە بەر فەرمان، ئێوە بیانوی ئازاردانیان مەدۆزنەوە. خودا جێ بەرز و زانایە.
لە یاساورێساکان و دادگەی ئایینی ئیسلامی عەرەبیدا، سەبارەت بە نامۆیی کردنی پیاوان و ژنانی ناهاوسەری یەکتری، سزا تەنها هەر بۆ ئافرەتان دانراوە، پیاوان ئازاد و بێبەری کراون و هیچ جۆرە سزایەکیان بۆ دەستنیشان نەکراوە.
--------------------
سورة النساء

(١٥) وَالَّتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُواْ عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ فَإِن شَهِدُواْ فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىَ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللّهُ لَهُنَّ سَبِيلاً.
(١٥) هەر ژنێکتان کە هەستوو کرد نامۆیان بە خۆ فێردەکەن، چوار کەسی خاوەن باوەڕیان بەرنەسەرێ-لەو ءانەدا کە لێك جووت بوون- وەختێ ئەوان هاتن شایەتیان لەسەر دان، هەر لە ماڵدا قەتیسیان کەن تا بە مردن لەناو دەچن یان تا خودا دەرەتانیان دەدا.

قورئانی پیرۆز.
وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژاری موکریانی

ئایینی ئیسلامی عەرەبی، هیچ رێز و خۆشەویستی و بەهایەکی مرۆڤبوونی بۆ کچان و ژنان نەهێشتوتەوە.
--------------------
سورة النساء

(٣) وَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تُقْسِطُواْ فِي الْيَتَامَى فَانكِحُواْ مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاء مَثْنَى وَثُلاثَ وَرُبَاعَ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلاَّ تَعْدِلُواْ فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ذَلِكَ أَدْنَى أَلاَّ تَعُولُواْ.

(٣) ئەگەر لەمەڕ کیژە هەتیوەکانەوە، لەوە ترسان کە نەتوانن بە تەرزێکی حەق و ڕەوا دەگەڵیان بجووڵێنەوە، دەتوانن وازیان لێ بێنن و ژنانی تر-چەندی خۆتان پێتان باشە و پێتان دەشێن- مارە بکەن، دوان بن یا سیان پێکەوە یا چواریش بن هەر ڕەوایە. ئەگەر ترسان کە ناتوانن ژنەکانتان وەکو یەك تماشا بکەن، با یەکێك بێ یان وەل ئەوانە ڕابوێرن کە بوونەتە موڵکی خۆتان. بۆ خۆ لە غەدر پاراستن، ئەمە ئاکارێ پەسەندە.

قورئانی پیرۆز.
وەرگێڕاوی: مامۆستا هەژاری موکریانی.

20
ئاسانترین پێناسە بۆ پەیامبەران:
پەیامبەران هەر وەك مرۆڤەکانی دیکە، مرۆڤ بوون و لە رووی بایۆلۆجییەوە هیچیان لە مرۆڤی ئاسایی کەمتر و زیاتر نەبووە. بەکردەوەش هیچ کردارێکیان نەکردووە کە پێشتر هیچ مرۆڤێکیتر نەیتوانیبێت بیکات. بۆ نموونە هیچ پەیامبەرێك نەیتوانیوە بفڕێت!؟ یان لەناو ئاگردا جەستەیان بە ئاگر نەسوتابێت!؟ یان توانیبێتیان مردوویەکیان زیندووکردبێتەوە!؟ ئەوانیش هەر وەکو هەموو مرۆڤێکی ئاسایی پێویستیان بە هەناسەدان و خواردن و خواردنەوە و خەوتن و پشوودان و خۆشۆردن و......هتد هەبووە.
سەرەنجامیش هەر وەکو گشت مرۆڤێکی ئاسیی کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. بەڵام ئەو تایبەتمەندییەی کە ئەوانی کردووە بە پەیامبەر، ئەوە بووە کە ئەوان وێراویانە و ئەو مافەیان بە خۆیان داوە و دەستپێشخەریی ئەوەیان کردووە کە بەناوی خواوە بدوێن و خۆیان وەك نێردراو و وتەبێژ و نوێنەری خوا بە خەڵکانیتر بناسێنن و پەیامەکانی خۆیشیان وەك پەیامێك کە گوایە لەلایەن خواوە بۆیان نێردراوە، لەناو خەڵکیدا بڵاوبکەنەوە. لە راستیدا ئامانجی هەموو پەیامبەران، لە رێگەی پەیامەکانیانەوە ئەوە بووە کە بیرکردنەوە و ژیانی خەڵکییتر بگۆڕن و وایان لێبکەن کە بڕوا بەوە بهێنن کە ئەوان نێردراوی خوان و لەو رێگەیەشەوە هەوڵیان داوە باڵادەستیی خۆیان بەسەر دەوروبەرکەیاندا بسەپێنن و ملکەچی و گوێڕایەڵیی خەڵکانیتر بۆ ئامانجەکەیان و بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن. سەرنجام هەر بەناوی خواوە، بەو ئامانجانەشیان گەیشتوون.

21
گریمان هەموو مرۆڤایەتی بوون بە موسوڵمان!؟
کێشەی رەگەزپەرستانی عەرەب و ئامانجی عروبە و ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراوەکانی کوردستانیش هەر ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك ببێت بە موسڵمان، میللەتان هەموویان دەستبەردای ئایین و ئایینزا و فەرهەنگ و دابونەریتی رەسەنی تایبەتیی خۆیان ببن و بگەڕێنەوە بۆ پێڕەوکردنی ئایینی ئیسلام و دابونەریتی داواکەوتووانە و پڕ لە توندوتیژیی عەرەبستانی پێش١٤٣٩ ساڵ لەمەوبەر!؟
گریمان ئەوە هەموو مرۆڤایەتی بوون بە موسوڵمان!؟ چی دەبێت و چی روو دەدات و چی لە رەوتی پێشکەوتن و شارستانێتیی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت!؟ ئایا زانست و تەکنەلۆژیا و رۆشنبیریی مرۆڤایەتیی بەرەو پێشتر دەچێت، ئایا ژمارەی زانا و زانسکار و پزیشك و تەکنیککار و گەردووناس و بیرمەند و فەیلەسووف و مامۆستا و کۆمەڵناس و دەروناس و....هتد، زۆرتر دەبن و گۆڕانکاریی باشتر و پێشکەوتووتریان لەڕووی چۆنایەتیی و چەندایەتییەوە بەسەر دێت. ئایا ژمارەی کارگە و خەستەخانە و خوێندنگە و زانکۆ و زانستگە و ئەزموونگەی زانستی و بنکە و دامەزراوە زانستی و ئەزموونگەری و رۆشنگەرییەکان زۆرتر و باشتر دەبن!؟
باشترین نموونە، میللەتی عەرەب و وڵاتی عەرەبستانی سعودییە یە کە سەرچاوەی ئیسلامە، بێگومان عەرەب لە هەموو مێژووی خۆیدا، خاوەنی هیچ جۆرە داهێنەر و داهێنانێکی زانستی و تەکنەلۆژی نەبووە و نییە، تەنانەت بە هەموو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، دەرزییەکشیان پێ دروست نەکراوە!؟ سەرهەدانی زانست و تەکنەلۆژیا و پێشکەوتن، هەر هەمووی لە دەرەوەی جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا بووە و بێ عەرەب و بێ جیهانی ئیسلامی گەشەیانکردووە و بەم ئاستە پێشکەوتووەی ئەمڕۆیان گەیشتوون.
با لێرەدا تەنها دوونموونە بهێنینەوە: یەکەم، لە سیستمی خوێندن و فێرکاری و پەروەردەی دەوڵەتی ئیسلامیی پاکستاندا، لە وانەی کیمیادا و لە هاوکێشەی$H_2O$ دا کە ئەنجامەکەی (ئاو) پێك دەهێنێت، بەم شێوە بە خوێندکاران دەوترێتەوە: $H_2O$ ، لەنێوان دوو کەوانەدا نووسراوە (ئەگەر الله بیەوێت)، دەبێت بە (ئاو)!؟ واتە ئەگەر الله ی عەرەب و عروبە مەیلی لەسەر بە ئاوبوونی$H_2O$ نەبێت، نابێت بە (ئاو)، بەڵام بە خوێندکارەکان ناڵێن و بۆیان روون ناکەنەوە کە ئەگەر نەبێت بە (ئاوە)، ئەی دەبێت بە چیتر!؟

پێکهاتەی (ئاو) H2O ، ئەمە هاوکێشەکیی بابەتیی و زانستیی یاساکانی سروشتە، بەدەستی هیچ کەس و لایەن و هێزێکیتری دەرەوەی سروشت نییە، لە هەموو کات و شوێنێکی سەرگۆی زەویدا، یەك هایدرۆجین و دوو ئۆکسجین، یەکبگرن، پێکهاتەکەیان دەبێت بە (ئاو).
دووهەم، دەوڵەتانی ئیسلام، بەتایبەتی عەرەبستانی سعوودی و پاکستان و ئیسلامییە سیاسییەکان، دەڵێن: هەر زانستێك، هەر یاسا و بیروباوەڕێك لەگەڵ قورئاندا نەگونجێت و یەکنەگرێتەوە، ئێمە رەتی دەکەینەوە باوەڕی پێناکەین و بەدرۆی دەخەینەوە و پێڕەویی لێ ناکەین!؟
شایانی باسە زانست هیچ کێشەیەکی لەگەڵ هیچ ئایینێکدا نییە، زانست زانستە و ئایینیش ئایین، دوو جیاهانبینی و ئەزموونی تەواو لێکجیاواز، بەڵام ئەوەی کێشەی لەگەڵ زانستدا هەیە، قورئان و ئیسلام و موسڵمانەکانن!؟
ئەگەر دەوڵەتانی وەکو عەرەبستانی سعودی و پاکستان و هاوشێوەکانیان، ئیسلامییە سیاسییەکان، دەسەڵاتی تەکنەلۆژیی سەربازیی وەکو پێویستیان بەسەر هەموو جیهان و مرۆڤایەتیدا هەبووایە، وردە وردە شتێ نەدەما بەناوی پێشکەوتن و زانست و تەکنەلۆژیا و بیروباوەڕی ئاشتیخوازنە و دیمۆکراسی و مرۆڤدۆستانەوە، مرۆڤایەتی دەبووایە بگەڕایەتەوە بۆ ژیان و پێڕەوکردنی یاساکانی قورئان و ئیسلام و دابونەریتیی دواکەوتووانە و پڕلەتوندوتیژیی عەرەبستانی پێش١٤٣٧ لەمەوبەر، ئیتر روون و ئاشکرایە چارەنووسی مرۆڤایەتی بەچی دەگەیشت!؟

22
بەهەشتمان باش!
گوێم لە بانگخوازێکی ئیسلامی سیاسی گەوجێنەر و تەعریبچی گرت، باسی خۆشی و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی ناو بەهەشتی دەکرد، با لێرەدا واز لەوە بهێنین کە بەهەشت هەیە یان نییە، بەڵام هەموو ئەوە دەزانین کە هیچ کەسێك بەهەشتی نەبینیوە و هیچ مردوویەکیش زیندوو نەبووەتەوە تا بەهەشتی بینیبێت و بۆی هەبێت شتێك لەسەر بەهەشت باس بکات!؟
سەیروسەمەرەکە لەوەدایە کە هەندێك لە مەلا و بانگخوازەکان بەشێوەیەك باسی بەهەشت دەکەن، هەر دەڵێی خۆیان ئێستا لە بەهەشتەوە گەڕاونەتەوە و نیوەی ژیانیان لەناو بەهەشتدا بەسەربردووە!؟ لەمەیش سەیروسەمەرەتر و کارەساتبارتر، بە هەزاران خەڵکی سادەوساویلکە و بیرنەکەرەوە و داماو، لەو مەلا و بانگخوازە گەوجێنەر و تەعریبچییانە خڕ دەبنەوە و ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان، بۆ ئەو مەرامە گڵاوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن و لەخزمەتیدان، باسوخواسی گەورەیی و دووروودرێژی و پانوبەرینی و جوانی و رازاوەیی و چێژ و شادی و خۆشییەکانی بەهەشتی خەیاڵییان بۆ دەکەن و دەیانخەنە جیهانێکی پڕ لە خەیاڵپڵاوەوە و بیر و هۆشیان دەخەوێنن، بەو شێوە لە جیهانی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و زانستخوازی و پێشکەوتن دووریان دەخەنەوە!؟
ئەرێ بەڕاست! هەتاکەی ئەو خەڵکە بیرناکەنەوە و تێناگەن، هەتا کەی گوێ لەو ئیسلامییە سیاسییە بەکرێگیراو و گەوجێنەر و تەعریبچییانە دەگرن!؟
دەسەڵاتەدارەکانیشمان، لەبەر دەسەڵاتخوازی و بازرگانی و خۆشگوزەرانییەکانی خۆیان، ئاگایان لە هیچ شتێکیتر نەماوە!؟

23
کەعبە و شەیتان:
عەرەبستانی سعوودی، لەپێناوی داهاتی زۆرتردا، بەدرێژایی مێژوو، شوێنی خۆشاردنەوەی شەیتانیان لە کەعبەدا باشتر و گەورەتر کردووە و بەردەوامیش پارێزگاریان لە زیندوو مانەوەی شەیتان کردووە و دەکەن، چونکە ئەگەر شەیتان لەناو بچێت و نەمێنێت، رێژەی حەجکاران و عەمرەکاران لە کزیی دەدات و داهاتی حەج و عەمرەش کەمتر دەبێتەوە!؟
داهاتی حەج و عەمرە، ساڵانە لەدەوروبەری٣٥ ملیارد دۆلاردایە!؟
کەواتە، دەبێت شەیتان هەتاهەتایە هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە!؟

24
یاسا و فەتوا:
لە کۆمەڵگەی دواکەوتووی تاکپەرستی و خێڵسالاری و ئایینسالاریدا دا کە یاسا پێڕەو نەکرێت و یاسا سەروەر نەبێت، فەتوا جێگەی یاسا دەگرێتەوە. لیژنەی فەتوا شوێنی دادگە و دادوەر دەگرنەوە.

25
بڕواتان بێت تەواو گەیشتوومەتە ئەو هەست و تێگەیشتن و بیروبڕوایەی کە لەم سەر زەوییەدا، لە کورد (بەگشتی)، نەزانتر و خۆشباوەڕتر و دواکەوتووتر و ترسنۆکتر نییە، وەرە میللەت ١٤٠ ساڵە لە شەو و ڕۆژێکدا بەناوی ئەڵڵاپەرستییەوە٥ جار و هەر جارەش چەند جارێک، بەخۆبەخش کوڕنووش بۆ عەرەب و عەرەبستانی سعودی بەریت!؟ نوێژکردنی کورد، ئەوپەڕی نەزانین و ناهۆشیاری و ترسنۆکی و گەمژەییە، ئەوپەڕی بێ مێشکی و بێ ڕێزی کردن و سووکایەتی بەخۆ کردنە!؟ یانی چی کوڕنووش بۆ کەعبە دەبەن!؟ کەعبە چییە!؟ خۆ کەعبە خوا نییە!؟ خۆ خوا لە عەرەبستانی سعودی نییە!؟ خۆ خوا لەناو کەعبەدا نییە!؟ ئەی ئیتر کامەیە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ڕێزلەخۆگرتنی کوردی نوێژکەر!؟ کامەیە خواپەرستیی کوردی بڕوادار!؟
باشە پرسیارێک: ئەگەر کەسێک هەست گوناهکاری و تاوانباری و خراپیی خۆی نەکردبێت، لەبەرچی دەبێت داوای لێبووردن لە خوا یان لە الله ی عەرەب بکات و بچێت بۆ عەرەبستانی سعودیە و لەناو مزگەوتێکی عەرەبیدا لە اللهی عەرەب بپاڕێتەوە تا لە گوناهەکان و تاوانەکانی خۆش بێت!؟

26
بەهەشت و دۆزەخ لە ئایین دەربهێنن، ئایین پووچ دەبێتەوە و هیچ کاریگەرییەکی نامێنێت، ئەو کەسانەی کە خۆیان وەک پەیامبەری خوا ناساندووە، ئەو بەهەشت و دۆزەخەیان بۆ ئەوە داهێناوە کە خەڵکی بیرنەکەرەوە و نەزان و ترسنۆکی پێ فریو بدەن.

27
ئایینی ئیسلامی عەرەبی، شیعە و سوننە و حەماس و حیزبوڵلا و ئەلقائیدە و تاڵیبان و بۆکۆحەرام و موجاهیدین و جەماعەتی ئیسلامی و داعش و جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام و وەهابی و ئیخوان و سەلەفی و سەلەفیی جیهادییان بەبەرهەم هێناوە. سەرباری ئەمانەش، کۆمەڵێ باند و گروپ و ڕێکخراوی تیرۆرستیی تری ئیسلامی جیهانیی سەریانهەڵداوە و بە هەزاران مەلا و بانگخوازی ئیسلامیی سیاسیی توندڕەویان بەبەرهەم هێناوە. ئەم باند و گروپ و ڕێکخراو و کەسە ئیسلامییە سیاسییە تیرۆریستانە دژ و دوژمنی هەموو ئایینێکی ترن، دژ و دوژمنی زانست و پێشکەوتنن و شارستانین. فڕاندن و ئازاردان و کوشتن و دزین و تالانکردنی ماڵ و موڵک و بەدیل گرتنی کچان و ژنانی پێڕەوکارانی ئایینەکانی تر بە ئەرکی ئایینیی خۆیان و بە مافی ڕەوای خۆیان دەزانن؟! ئەمڕۆ ئیسلامییە سیاسییەکان بە هەموو ناو و شێوە و جیاوازییەکیانەوە، لە باشووری کوردستان و لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بوون بە بەڵای کۆمەڵگەکانیان و سەرچاوە و هۆکاری هەموو جۆرە توندڕەوی و توندوتیژی و زەبروزەنگێکن. ئیسلامی سیاسی، کولتوری درۆکردن و جنێودان بوختان پێکردن و دەمپیسییان لەناو کۆمەڵگەکانیاندا برەو پێداوە و ئەمانە بوون بە سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و نائارامی و نائاشتەوایی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەکانیان؟! نەفرەت لە تیرۆر و تیرۆریزم، نەفرەت لە ئیسلامی سیاسیی تیرۆریست.

28
ئیسلامییە نۆکەر و بەکرێگیراوەکانی لای خۆمان، بەرامبەر بە وێرانکردنی کۆبانی بێ هەڵوێست بوون. سەرباری ئەوەش، هاوسۆزی داعش بوون. بەرامبەر بە داگیرکردن و. وێرانکردنی عەفرینیش هەر هەمان هەڵوێستیان هەبوو، هاوسۆزی تورک بوون؟!

ئێستا بۆ غەززە شین و شەپۆڕیانە، لە ڕاگەیاندنەکانیان و لە ئاخاوتن و لێدوانەکانیاندا دژی ئیسرائیل و جووەکان هەرزەگۆیی دەردەفرتێنن.
ئیسلامییەکانی کورد، جاش- ئیسلامین و نۆکەر و بەکرێگیراوی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانن، پاشکۆی عەرەب و عروبەن.

29
ارەی حەج و عەمرە بۆ ئەم سێ پرۆژەیەیە :

1- داوێنپیسیی دەسەڵاتدارە داوێنپیسەکانی عەرەبستانی سعوودیە.

2- هاوکاری کردنی تێرۆریزمی ئیسلامی و تێرۆریستانی فاشیزمی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا.

3- ئاوەدانترکردنەوەی وڵاتی سعوودییە.

30
زۆرینەی هەرە زۆری سەرکردەی ڕاپەڕین و بزووتنەوە چەکدارییەکانی ئێمە یان شێخ بوون یان سەرۆک هۆزێکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتداربوون، سنووری بیرکردنەوەیان لە چوارچێوەی نەریتی ئایینی و بەرژەوەندیەکانی بنەماڵە و خێڵ تێینەپەڕاندووە، دوای ئەمانیش سەرۆک و سکرتێری حیزبەکان هەر لە خەمی بنەماڵەی خۆیان و جێگرەوەی دەسەڵاتەکانی خۆیاندا بوون، هەربۆیە نەگەیشتووینەتە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییە ڕەواکانی خۆمان؟!

31
خەڵک بەگشتی نایانەوێت مێشکی خۆیان بە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و پێشکەوتنەوە ماندوو بکەن، هەربۆیە پووچپەرستی لەناو خەڵکی بیرنەکەرەوە و خۆشباوەڕدا لە برەودایە.

32
تۆ بزانە ئەگەرچی لایەنگرانی تەریقەتە ئایینزاییەکانی قادری و نەقشبەندی لەناو خۆیاند کۆک و تەبا و ئاشتیخواز نەبوون، بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ دوژمنێکی کورد، هیچ داگیرکەرێکی کوردستان هیچ کاتێک دژ و دوژمنی ئەو دوو تەریقەتە نەبوون، کاریان بەسەر پێڕەوکارانی ئەو دوو تەریقەتەوە نەبووە، هەروەها هیچ دوژمنێکی کورد و هیچ داگیرکەرێکی کوردستان دژ و دوژمنی موسڵمان بوونی کورد و ئایینداری کردنی کورد نەبوون، هیچ کاتێک حەج کردن و عەمرە کردنیان لە کورد یاساخ نەکردووە، هیچ کاتێک دژی دەروێشایەتیی کورد و دەروێش بوونی کورد نەبوون، هەروەها دژی ئەوە نەبوون کە کورد کورد بکوژێت، نەک هەر ڕێگرییان لە شەڕی نێوخۆیی کورد نەکردووە، بەڵکو هەمیشە و بە هەموو شێوەیەک ئاگری شەڕی ناوخۆیی کورد و یەکترکوشتنی کوردیان خۆش و خۆشتر کردووە، کێشەکەش هەتا ئێستا هەر ئەوەیە کە کورد بەگشتی میللەتێکی بیرکەرەوە نەبووە و نییە، کورد پەند و وانە و ئەزموونی نەک هەر لە مێژووی خۆی، بەڵکو پەند و وانە و ئەزموونی لە مێژووی میللەتانی تریش وەرنەگرتووە!

بەختیاری شەمەیی